**پیرۆزباییینامەی ژمارەیەک لە کەسایەتی و نیشتمانپەروەران لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات،**

**بۆ:**

**خاتوون هەدیە یۆسف سەرۆکی حکوومەتی فیدراڵی ڕۆژاوای کوردستان!**

لەگەڵ سڵاوی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی

پیرۆزباییەکی گەرم لە بەڕێزتان، لە ئەندامانی حکوومەتی فیدراڵ و لە گەلی کوردمان لە ڕۆژاوای کوردستان دەکەین کە دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ نەبەردی خوێناوی و چارەنووسساز، هێزیکی دڕندە و کۆنەپەرستی وەک داعش بە چۆکدا هێنرا و، سەرتاسەری خاکی ڕۆژاوای کوردستان بە خوێنێ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و ڕێبەرایەتیکردنی ژیرانە و زانایانەی ئێوە ڕزگارکرا. جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی تازەی کوردەواری و، ڕاگەیاندنی حکوومەتی فیدراڵی ڕۆژاوای کوردستان، لە ئێوە و لە نەتەوەی کورد و لە هەموو کوردستانیان پیرۆزبێت.

هیوادارین ئەم دەستکەوتە مەزنە کە بەخوێنێ کچان و کوڕان و ڕۆڵەکانی قارەمانی گەلەکەمان هاتووەتەدی، مافی هەموو جیابیرانی سیاسی و ئاین و ئاینزا جیاوازەکانی کورد و کوردستانیی تێدا دەستەبەر بکرێ و، ببێت بە نموونە و ڕەچەیەکی ڕاست و ڕۆناک بۆ ڕزگارکردن و یەکگرتنەوەی بەشەکانی دیکە و دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵ و سەربەخۆ و دیمۆکراتیک لە سەرتاسەری نیشتمانی پیرۆزمان کوردستان.

بەڕێزان! بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی ڕۆژاوای کوردستان، دوژمنانی کورد لە سەروویانەوە ڕژیمەکانی داگیرکەرانی ترکیا و ئێران یەکێتی خاک و دەسەڵاتی نامرۆڤانە و دژ بەئازادییان لە مەترسیدا دەبینن، چۆنکە دەزانن سەقامگیربوونی حکوومەتی ڕۆژاڤا ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ لە نێوبردنی دەسەڵاتداریێتیی کورد لە ڕۆژاوا. زلهێزەکان و وڵاتانی ڕۆژاواش وەک لە ڕابردوودا پێشانیانداوە، لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان لە ناوچەکە، ماوەی پتر لە سەت ساڵ خۆیان لە ئاست هەموو تاوانکارییەکانی داگیرکەران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد گێل کردبوو. بۆ ئەوەی جارێکی دی کورد نەبێتەوە بە قوربانیی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕژیمەکانی وابەستەیان لە ناوچەکە، پتر لە هەر کات و سەردەمێکی تر پێویستی بە یەکگرتن و یەکریزی و بەهێزترکردنی زیاتری توانای سەربازی و جەنگیی هەیە و، لەئەگەری هەر هێرش و پیلانگێڕییەک،

سەرۆکایەتیی کورد بە پشتیوانیی جەماوەری کوردستان بتوانێ بەرگریی لە خاک و گەل و دەستکەوتەکانی بکات.

چاوەڕوانی ئەوە لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دەکرێ دەمودەست حکوومەتی فیدراڵی ڕۆژاوای کوردستان بە فەرمیی بناسێ و دانی پێدا بنێ. هیواداریشین ئەوە هەڵویستی بێ تا ببێ بە سەرەتایەک بۆ هاوکاری سەربازی و ئابووری و هەڵویستی سیاسییانەی هەردوولا .ئەگەر ئەوەش نەکرێ، هیواخوازین هیچ نەبێ زمانی هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کورد لە دژی ڕۆژاوای کوردستان نەگەڕێ!

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەین، نەورۆزی ئازادی و سەربەخۆیی لە ئێوە و لە هەموو کوردستانیان پیرۆز بێت!

## واژۆ لەلایەن:

**1- دوکتۆر حسێن خەلیقی نووسەر و سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە سوید. 2- حەکیم کاکە وەیس نووسەر و کەسایەتیی سیاسی و نەتەوەیی باشووری کوردستان/کەرکوک. 3- ڕێبوار حەسەن ئەندامی شارەوانیی ستۆکهۆڵم/ سوید. 4- دوکتۆر تاهیر حکمەت چاودێری سیاسی. 5- برایم فەرشی هونەرمەندی شانۆکار و چاودێری سیاسی. 6- بەختیار مام شێخ ئەندامی شارەوانی کینسنگتن و چێڵسی . لەندەن . بریتانیا. 7- هونەرمەند و کەسایەتیی نەتەوەیی حەمەڕەشید هەرەس سلێمانی/باشووری کوردستان. 8- حەسەن شافعی شاعیر و کەسایەتیی نەتەوەیی لە شاری ئۆتاوا/کانادا. 9- سیروان کاوسی نووسەر و چاودێری سیاسی لە وڵاتی نۆروێژ. 10- سوورکێو زەکی، مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سوید. 11- محەممەد قورئانی چالاکی فەرهەنگی و چاودێری سیاسی لە بریتانیا. 12- هەڵۆ بەرزنجی کەسایەتیی سیاسی و ڕۆژنامەنووس لە وڵاتی ئاڵمان. 13- میرزا خدر مەرەسەنە نووسەر و کەسایەتیی نەتەوەیی لە وڵاتی سوید. 14- شوان بەرزنجی هەندازیار و چاودێری سیاسیی لە وڵاتی نەرویج. 15- ئارێز داراپوور چاودێری سیاسی لە وڵاتی ئاڵمان. 16- سمکۆ عەلی هەندازیاری بیناسازی و چاودێری سیاسی لە وڵاتی نەرویج. 17- دەرسیم دێبەگەیی نووسەر و لێکۆڵەر لە وڵاتی دانمارک. 18- ئەمین وەیسی چاودێری سیاسی وڵاتی نەرویج. 19- یۆنس حەمەد ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی هەولێر/باشوری کوردستان. 20- حسێن شافعی شاعیر و چاودێری سیاسی لەشاری ئۆتاوا/کانادا. 21- ئەیووب ڕەحمانی ڕاهێنەری وەرزشی نووسەر و وەرگێڕ لە وڵاتی سویس. 22- نێعمەت کاوسی چاودێری سیاسی و پسپۆڕ لە بواری بێستان و کشتوکاڵ. لەندەن/ کانادا. 23- شاناز قورئانی چالاکی مەدەنی و چاودێری سیاسی لە وڵاتی ئاڵمان. 24- ئاریا موکریانی خوێندکاری زانستگە لە شاری ڤانکۆوێری کانادا. 25- کەژاڵ مەرزبان چاودێری سیاسی لە وڵاتی نەرویج. 26- مانی ڕەحیمی سیاسەتکار لە وڵاتی نەرویج. 27- محەممەد تاهیر بەرهوون لێکۆڵەر و شارەزای سیاسی لە وڵاتی ئاڵمان. 28- عەتا ڕیازی مێژوونووس و چاودیری سیاسی لە ولاتی فەرەنسا. 29- جەلیل سلێمانبەگی چاودێری سیاسی شاری**

ئاشیوله/فینلاند. 30- رزگار موکری و چاودێری سیاسی له وڵاتی نەرویج. 31- هاوڕێ میروویی سەربەخۆییخواز خوێندکاری زانستگه له وڵاتی نەرویج. 32- ڕێبوار نەڵاسی، چاودێری سیاسی له وڵاتی بلژیک. 33- ڕێبوار ئەحمەدزاده و چالاکی سیاسی له وڵاتی نەرویج. 34- مەنسوور ئەمیری چاودێری سیاسی لەوڵاتی نەرویج. 35- زارالی نیکرەوش چاودێری سیاسی برۆکسل/بەلژیک 36- زاهد عەلیمحەممەدی چاودیری سیاسی له وڵاتی سوید. 37- کەریم محەممەدی چاودێری سیاسی هامبۆرگ/ئاڵمان. 38- کاوه فتوحی چاودێری سیاسی کۆپێنهاگن/دانمارک.39- ئازاد ساڵح چاودێری سیاسی شاری مەنچەستەر/بریتانیا. 40- ئاریاس کوردستانیی سەربەخۆییخواز لەندەن/بریتانیا. 41- ئەمیر نژادیان چالاکی مەدەنی لەندەن/بریتانیا 42- ئاری عبدالله هەولێر/باشووری کوردستان. 43- فەرمان مەحەممەد هەولێر/باشووری کوردستان. 44- عومەر عەزیز هەولێر/باشوری کوردستان 45- دانا سالم هەولێر/باشوری کوردستان. 46- رەحمان ئەمینی چاردێری سیاسی لەندەن/کانادا. 47- دوکتۆر ناجێح گوڵپی هەڵەبجە/باشووری کوردستان. 48- عەبدۆڵلا ئەمینی، لەندەن/ بریتانیا. 49-فەرەیدوون عەلی وڵاتی نەمسا/ئۆتریش. 50- گەلاوێژ عەباس چالاکی مەدەنی دانیشتووی ئۆسلۆ/نۆروێژ. 51- سۆران کاوسی مامۆستای خوێندنگه ستۆکهۆڵم/سوید. 52- بێلان شوان مامۆستای خوێندنگه ستۆکهۆڵم/سوید. 53- بەکر عومەر عەبدولڕەحمان تێلمارک/نەرویج. 54- حەسەن مەرزبان چاودێری سیاسی برۆکسل/ بەلژیک. 55- ئاڤان سۆندێربی خوێندکار له زانستگه شاری درامێن/نەرویج. 56- نیشتمان فیشال چالاکی سیاسی ئۆسلۆ/نەرویج. 57- تاهیر ئەردەڵان چالاکی سیاسی و نەتەوەیی له وڵاتی فەرەنسا. 58- سۆران زەندی دەرمانخانەی شاری لیۆنگبی/سوید. 59- کالێ زەندی قوتابی شاری لیۆنگبی/سوید. 60- سەربەست ئازاد سلێمانی/باشووری کوردستان. 61- ئاریان گالا خوێندکار له شاری بۆن/ئەڵمانیا. 62- حەسەن هەیاسی شاری لەندەن/بریتانیا.